# بەڵێ زبر ئەنوسم !؟

## ئاسۆ عەبدوللەتیف

**(کولتوري جنيو و تەشهير و وينة شيواندن، لة رؤحي سياسةتي كورديةوة هاتؤتة دةرةوة)**

**(خةلكانيك هةن دةيانةويت ئةوة لة بير بكةن، كة درؤكردن و خةلك خةلةتاندن و راستي شاردنةوة و هةوالي درؤ دروستكردن و تةشهيركردن لة رؤذنامةطةري حيزبييةوة سةريان هةلدا)**

**بةختيار عةلي – كوردستانئؤست**

پێم سەیرە دەسەڵات لە ڕێگەی هەندێ کەناڵ و قەڵەمی خۆیەوە دەیەوێت شەن و کەوی قەڵەمی نوسەران بکات و رایان بهێنێ کە بە ئەتەکێت و ریتمی نەرم و بە یاسای کۆنکرێتی ئایدۆلۆژی خۆیان ئاسا بنوسن، پێمان بڵێن ئەو جۆرە لە نوسین یان ئەو تەرزە لە نوسین بارگاوییە بە رۆحی دوژمن و موئامەرەی ئیقلیمی و دەبێ سنوربەند بکرێ یانی دەبێ دەمتان داخەن یان پێتان دا ئەخەین! دیارە هەر سیستمێکی دیسپۆتیزم و دیکتاتۆری گەر بیەوێت پایەکانی حوکمی خۆی قایم کات لەسەرەتاوە بە شیعاراتی دیموکراسی دێتە مەیدان و دواتر بە یەکێك لەو پنتانە دەست پێدەکات کە چۆن بنوسین، واتە چوارچێوە دانان بۆ زمان و دارشتن و بەلاغەتی نوسەرو ئینجا بەرتەسککردنەوەی فیکرو ئایدیاو پاشان سیاسەتی هیلاککردنی نوسەران بە دادگاو مادە ووشکەکانیەوە تا ئەوکاتەی کە نوسەر لە نوسین ئەخەن وەك چۆن هەندێ نوسەرو سەرنوسەری رۆژنامە ئەهلیەکانیان لە نوسین خست،

ئەپرسین ئەوە دەسەڵات خۆی کوێی نەرم و شەفاف و ناسك و مرۆڤپەروەرو تەندروستە کە بێ پەروا بە نوسەران ئەڵێ ئێوەش نەرم بنوسن و ئەها وولاتەکەمان چەندە خۆش و پاکیزەو ئاوەدان و خاوەن پارك و سینەمایە ئەها چەندە پڕە لە ئومێدو جوانی و ئەفسون و ئازادییە؟ لە دەسەڵات ئەپرسم لە کوێی خۆیدا بگەرێم بۆ نەرمی و دۆستایەتی و هیومانیزم و سەروەری مرۆڤ جگە لە ئەتککردن و رووشکاندن و تەریقکردنەوەی گەنجان و بێنازکردنی خێزانە شەهیدەکان؟ پرسگەی وەزیرەکان و پاسەوانانی بەرپرسان و گرتوخانە نادیارەکان و ناعەدالەتی ئاوەدانکردنەوەی شارەکان و تووڕەبوونی سەرکردەکان و چاوسورکردنەوەکان نەرمی و تێدایە؟ بیرتان چوو لە شەری ناوخۆدا بەشی ئاشتیەکتان نەهێشتەوە و ئەوەی ووشەی زبرو توندو سوك و نا مۆراڵ بوو بە یەکتریتان ووت لە میدیاکاندا؟ خێرە وا ئێستا دەسەڵات کەوتۆتە مەوعیزەو ئیرشاد بۆ رۆژنامەنوسان و دەیەوێت رامان بهێنێ کە زبر نەنوسین و فێرمان دەکەن چۆن بنوسین، باشە مینۆمێنتی هەڵەبجە دوو ساڵە سوتاوەو نە حکومەت و نە حیزبی دەسەڵاتدار نایە بەلایا چۆن بنوسین، بنوسین توخوا ئەی هاووار وەرن چاکی کەنەوە چاوتان ماچ ئەکەین و رۆحی سپیتان ئەگوشین ئیتر خۆپیشاندان ناکەین و شقارتە بەکار ناهێنین و شت ناسوتێنین و عاقڵ ئەبین؟!

ئەمە چ هەژارییەکە فێرمان ئەکات بێئومێد نەبین و نەسرەوتیش بین و بەرگەی گەندەڵیەکانیش بگرین و زبریش نەنوسین، تاکە سەرچاوەو سەرمایەی نوسەران ئەو زبر نوسیەیە کە لەئەنجامی پەرچەکرداری دەسەڵاتەوە فێربوون، گەر دەسەڵات بەرپرسی ناعادیل و گەندەڵ نەکات بە وەزیرو گزیرو ملیۆنان دۆلار وون نەبێ لە ناو وەزارەتخانەو خەزێنەداو دەیان ملیۆن دۆلار نەدرێ بە دەرمانی بەسەرچووی ئێکسپایەرو ماتۆرێکی ئێرانی 10 وەرەقەییمان لەسەر حساب نەکەن بە 100 وەرەقەو دواجار لێشمان بکەن بە کۆریی، خۆ نوسەر شێت نەبووە زبر بنوسێ، گەر دەسەڵات خۆی تەخشان و پەخشان بە داهاتی خەڵکیەوە نەکات رۆژنامەنوس هار بووە زبر بنوسێ و قەڵەم بکات بە چاوی دەسەڵاتدا؟ گەر دەسەڵات خۆی نەیەت خانویەکی 500 دەفتەر دۆلاری لە پەنا خانوی کرێچی نشینێکی قوربانیدەردا بکات بە ئاسمانا نوسەر بۆ ئاوا بەو زمانە توندپاراویە ئەنوسێ؟ بەڵێ گەر کوڕی مەسئول بە گرانبەهاترین سەیارەی سیحری و باخەڵی پڕ لە دۆلارو دەمانچەی ئەمریکیەوە نەیەت بۆ کۆلیژ و شان رانەتەکێنێ منی رۆژنامەنووس بۆچی زبر ئەنوسم و ئەبمە چقلی چاوی؟ خۆ زبر نوسین دژی ئەو سیما شێوێنراوانەیە کە رۆژانە بەبەرچاومانەوە دەسەڵات دروستی کردوون و ئەیانبینین و ئازارمان ئەدەن و ناهێڵێ کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و مەدەنی دروست بکەین، باشە ئەو دیاردەو سیمایانە زبرن یان نوسینێك کە لەبەر چراو بێکارەبایی حکومەت بە هەزار ترس و کوێرەوەری و برسێتی ئەنوسرێ و ئینجا دەسەڵاتیش بە رەوای نابینێ، دەسەڵات ئەیەوێت لە یادی رۆژنامەگەری کوردی ئەمساڵدا 2007/4/22 واتە 109 ساڵەی رۆژنامەنووسی کوردیدا بە یەك دوو ئینشاو ووتاری رۆژنامەنووسی حیزبیەوە خۆی لەو قەیرانی گەندەڵی و دزییە گەورانە قوتارکات

و خۆی برەتێنیٚ لە خەشم و رقی خەڵکی و لە قەڵەمی زبرو تورەی نوسەرە شۆرشگێرو جورئەتمەندەکان، ئەوانەی کە هەموو سەروەت و سەرمایەکانیان بەسراوەتەوە بە نوکی قەڵەمەکانیانەوە،

دەسەلآت بیٚ ئاگایانە (جورئەت) ئەگۆڕیٚ بە (زبری) و (ئازایەتی) بە (تەشهیر) و (راستی ووتن) بە (فەوزا) و (دەنگ هەڵبرین) بە (جاسوسی) و (رەخنەگرتنیش) بە (موراهیق و کاڵفام) ئەمە ئیدی شکستی دەسەلآتە بەدیوە مەعریفیەکەیدا و بەدیوە سیاسیەکەشیدا نشوستێکی شەرمنانەیەو دەسەلآت دەیەوێت بە زمانی نەرم پێمان بڵیٚ زبر مەنوسن خۆ ئەزانین ناتەواوی و کەمتەرخەمی و گویٚ پێنەدان هەیە بەلآم جارێکیش ستایشیٚ بنوسن، ئەو ستایشەی کە دەزگاکانی میدیای حکومی و راگەیاندنی حیزبی کوردی مۆنۆپۆڵ کردوەوەو رەخنە بەتەواوەتی غائیبە، دەسەلآت دان ئەنیٚ بە ناتەواوی و کەمتەرخەمیەکانی خۆیدا و بە ئەدەبەوە پێمان ئەڵیٚ ئێمە تازەین و کەمتەرخەمی هەیە بەلآم ناڵیٚ دزی و گەندەڵی هەیە، کاریش بۆ لابردنی گەندەڵەکان و فۆرماتکردنی جەستە ئیداری و حیزبیەکەی خۆی ناکات و ئەشیەوێت زبرنوسی نەمێنیٚ، ئێستا مۆدێلێك لە کەمپینی نوسەران و هەڵمەتی نوسینی زبرو بڕەرو مشاریی، سایتەکانی ئەنتەرنێت و رۆژنامەکانی داگیرکردووە و دەسەلآتی تەنگاو کردووە تا ئاستی هاککردنی سایتەکان و داخستنی رۆژنامەکان و لێدان و دارکاریکردنی نوسەران و رۆژنامەنوسان و فراندنیان بیٚ ئەمری حاکم بۆ ئاسایش وەك لە یەك مانگی رابردوودا هەموویمان بینی، ئاخر ئەم دۆخە بە رەخنەی توندو خوێناوی و زبر نەبیٚ بە چی ئەگۆڕیٚ و ریفۆرم ئەکریٚ؟ ئەم دۆخە گەر زبر نەبی لەگەڵیدا، ئەبیٚ بەزبری بژیت و بمریت و کوێرەوەری و ناعەدالەتی و رسواییش هەڵبژێریت و رەنگە بستیٚ قەبریش نەبیٚ تیایدا بمرین؟

دەسەلآت بەبەرچاوتەوە دەبێتە پشتگیریکاری کەسانی وەکو نزار خەزرەجی و وەفیق سامەرائی و حەجاج و کۆنە موستەشارو جاشەکانی سەرقافڵەی ئەنفال و کاولکاری گوندەکان، زبری نەبیٚ بەچی گوێت لیٚ ئەگیریٚ؟ ئێمە زبریش ئەنوسین هێشتا دەسەلآت گوێکانی کەڕ کردووەو بێخەم و لاموبالییە، ئەی ئەگەر نەرم و ناسك و رێحانی بنوسین چ دەبیٚ؟ داخۆ بە ستایشی قەڵب و چاولە ئیمتیازو موجامەلەی ناشایستەو شەرمهاوەرەوە هیچمان پیٚ ئەکرێت؟ دەسەلآتی کوردی هیچ سوچێکی ژیانمان نەما کە زبری نەکات و هیچ رووبەرێکی عەقڵمان نەما بە زبریەکانی خۆی داگیری نەکات و تەنانەت خەریکە زمانیشمان بۆخۆی ئەبات و دەیەوێت بەم ژیانە تاریك و بیٚ پرۆژەو بیٚ خزمەتگوزاریەوە پاك و جوان و ناوازە بنوسین، سەیرە ئەم تەرحەی دەسەلآت لە هیچ سوچێکی دونیادا بوونی نیەو بگرە ئەم لۆژیکە لە وەهم دەچیٚ زیاتر نەك لە واقیع، ئاخر دەسەلآت هەموو شتێکی بۆ خۆی شەرعاندوەو راقی راقی زامنی ژیانی ماڵ و منداڵ و ئایندەی خۆی کردووەو ئێمەش تەنها ئازادی رادەربرینمان دەویٚ کەچی پێمان رەوا نابینن و هێشتا پێمان ئەڵێن زبرنوس مەبن، ئێمەش ئەڵێین زبر ئەنوسین تا ئەم زبریە بکەینە تیۆری مامەڵەکردن لەگەڵ دەسەلآتدا بەلآم دوور لە توورەبوون و ئینفیعال و نازانستی، تیۆرێك تا وەك ئاوێنە دەسەلآت خۆی بەچاکی لێوە ببینێت و بزانیٚ هەڵگری چ دەموچاوێکی دزێوو ناشیرینە لە ئێساداو لە رابردوشدا چۆن وەك ئەفسانە وابووە لای خەڵکی، ناو کۆشکەکانی دەسەلآت راستە نەرم و جوان و خۆشن و بەرگەی زبریەکانی ئێمە ناگرن، بەلآم ئەی ئێمە بۆچی چەندین ساڵە بەرگەی ئەوانمان گرتووە، دەشێت ئێمە لە ناو زبراییەکانیشدا بۆ زانست بگەرێین و پەی بە راستیەکان بەرین و زمانی نویٚ بدۆزینەوە دووربیٚ لە ناوزراندن و تەشهیر، بەرای من بەم زمان و تیۆرە نەبیٚ نە دەرکی واقیع ئەکەین و نە ئەم دۆخە ئیفلیجەش تێئەپەرێنین، ئەگەرچی ئەم هێزانەی ئێمە بەدرێژایی مێژوو خاڵی نەبوون لە تەشهیرو سوکایەتی بەیەکتری و کتێبی یادەوەری سیاسیەکانیش شاهیدن کە رەنگە ئەم دۆخە درێژکراوەی هەمان دۆخی سەدەی رابردوو بێت، ئەم تیۆرە رەنگە کۆمەکێك بێت بۆخودی دەسەلآت تا ئەو دروشمەی کە هەڵی گرتووە بەناوی دیموکراسی و ماڤی مرۆڤ و ئازادی دەربرینەوە واژۆی تەواوی لەسەر بکات و مومارەسەی کردارەکی بکات و چیدی رۆژنامەنوسان لەسەر ووشە نەگیرێن و دارکاری نەکرێن، لەکاتێکدا دەزانین بە ملیۆنان دۆلار دیار نامێنیٚ لە قوتی خەڵکی و کەسیش لەسەری ناگیریٚ، دەسەلآت دەبیٚ بزانیٚ نەوەیەکی هۆشیارو تورەو نارازی هەیە کە گەندەڵیەکان بە چاکی ئەبینێت و زیندان و گرتنیشی لا بۆتە شەرەفێکی گەورە، ئەو زیندانەی دیکتاتۆر دروستی ئەکات بۆ ئەهلی قەڵەم ئەوە نیشتیمانە راستەقینەکەی کەسی نوسەرە چونکە دەزانیٚ دەسەلآت دەمێکە نیشتیمانەکەی کردۆتە گرتوخانە وئۆردوگای بێدەنگکردن و سەرکوتگای گەورە، بۆیە ترسی دەسەلآت لە زبر نوسی ترس نییە لە شێواندنی زمانی رۆژنامەو ستایلی ئەدەبی و شێواندنی فەرهەنگ، ئەوەندەی ترسە کورسی و هەوڵێکیشە بۆ جۆرێك لە سانسۆری نویٚ بەناوی زبرنوسیەوە، لەمەشدا من زبر ئەنوسم و قەت گویٚ لە دەسەلآتیٚ ناگرم، ئاخر بڵێم چی دەسەلآت بە ستایش گۆشکراوەو فێرکراوە.

**تێبینی / ئەم ووتارەم بەتایبەتی بۆ سایتی سبەی نوسی و پیرۆزبایی کردنەوەی سایتەکەشیان لیٚ دەکەم. ئاسۆعەبدوللەتیف**
**www.sbeiy.com**